# به ئیجازەی خانم !..

کاوێزمەلاپەروێز
کەرکوك

گەرچی چەند رۆژ بەسەر 8ی مارس گوزەری کرد کە لە سەرەتا نیازم نەبوو شتێك لەسەر ئەم رۆژە بنوسم نـەك لەبـەر ئـەوەی بـاوەرم بـەو رۆژە نیـە و دژی خواسـتەکانی ئـافرەتم وەلێ دەمویسـت لـەو رۆژەدا ئـەو نوسینانە بخوێنمەوە کە بەم یادەوە ژنـان دەینوسـن و گـوێ لـەو بەرنامانـە بگـرم کـە ئافرەتـان بـەم یـادەوە پێشکەشی دەکەن لە تەلەفزێۆنەکان..

ئەوەی تێبینم کرد زۆرتر پیاوانن قسەیان لەو رۆژە ژنانەیە کرد زۆرتر پیاوان بوون بە شکۆی ئەو رۆژەیان هەئەدا...

ئەگەر بەمن بێ تەواوی رۆژەکانی ساڵ بۆ شکۆی ژنان تەرخان دەکەم هـەر رۆژەی چـەپکە گولێـك بـۆ یـادی مەینەتی ژنێك و گیانێکی سووتاوی یەکێکی تر و کۆیرکردنەوەی کـانی دڵی دلـدارێکی ناکـام کـە بـە دەسـتی پیاوان لە ناو چوون...

هەرچی بە بالأی ژندا هەڵدەی ئەگەر زادەی راستی ناخی پیاو نـەبێ جگـە لـە درۆیـەکی کـاڵ سـیس کردنـی ماناکـانی ژیانـە بۆیـە ئەگـەر تـا ئێسـتا ژیـان وێرانەیـەك بێـت ئـەوە ئێمـەی پیـاو دەسـتمان لـەو وێرانەیـە هەبووە...وە ئەگەریش ژیـان بـە جوانیەکـەی خـۆی مابێتـەوە ئـەوە دەسـت وسـۆزی ژنـە ئێـرادەی ژیـان بـۆ جوانەیەکانی خۆی دەگەرێنێتەوە..

لەو رۆژە جگە لە پێشکەش کردنی کارتی پیرۆزبایی بە گولەکەم هیچ شتێکی تـرم پـێ نـەبوو بـۆ دەربـرین, ئەمرۆش کە لە دەربرینی ئـەم هەسـتەم دوا کـەوتووم ئـەو خۆشەویسـتیە بـۆ شـکۆی بـەرزی ژنـان دووبـارە دەکەمەوە ئەگەر خانم باران ئیجازە بدات؟!.

K_mlaprwez@yahoo.com